بزوتنەوەی گۆڕان

حركة گوران

GORRAN MOVEMENT



# جێگرەوەکانی وزەو داهاتووی نەوت و گاز لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی


ن: د. جاسم حسين

و: گەیلان عەباس & هەڵمەت محەمەد


25-2-2015

ئەم پەیپەرە سەرنجی خۆی کۆکردووەتەوە لەسەر گرنگیدان بە وزە جێگرەوەکانی نەوت و گازی سروشتی، دواتر بەکارهێنانی وزەی نوێیەکان لە جێگەیان، بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە خواست لەسەر وزەیەکی وەك کارەبا بەڕادەیکی زۆر بەرزبووەتەوە، چ بۆ پێداویستییەکانی ناوماڵ یاخود بۆ بوارەکانی وەبەرهێنان و پیشەسازی

# پێڕست


سەرەتا ........ 3
گرنگی ڕێژەیی سەرچاوەکانی وزە ........ 4
یەکەم: نەوت ........ 4
دووەم: خەڵوز ........ 6
سێهەم: گاز ........ 8
چوارەم: هایدرۆ ئەلکتریك (وزەی کارۆئاوی) ........ 8
پێنجەم: وزەی ئەتۆم ........ 9
شەشەم: وزە نوێیەکان ........ 9
یەدەگی نەوت و گاز لەکەنداو ........ 12
گازو نەوتی بەردی ........ 14
کۆتایی ........ 15
مصادر البحث ........ 16





**پوختە**

گەشەسەندنە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان لە بواری وزەدا وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو (بەتایبەت لە بواری نەوت و گازی سروشتی) ناچار دەکات تاوەکو کەشێکی لەبار بۆ بژاردەی دیکەی وزە بڕەخسێنرێت وەکو بەکارهێنانی وزەی خۆر بۆ وەبەهێنانی کارەبا، ئاراستەکردنی زیاتری گاز بۆ هەناردەکردن و عەمبارکردنی لەبری بەکارهێنانی لەناوخۆدا، لەپێناو گەشەدان بە توانای ئەم وڵاتانە لە داهاتوویەکی نزیك و دووردا.

ئەم پەیپەرە سەرنجی خۆی کۆکردووەتەوە لەسەر گرنگیدان بە جێگرتنەوەی وزەی نەوت و گازی سروشتی و هەڵسەنگاندنیان، دواتر بەکارهێنانی وزەی جێگرەوە لە شوێنیان، بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە خواست لەسەر وزەی کارەبا بەڕادەیکی زۆر بەرزبووەتەوە چ بۆ پێداویستییەکانی ناوماڵ یان بۆ بواری پیشەسازی.

وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو سەرچاوەی جۆراوجۆری وزەیان لەبەردەستدایە، نەك بە تەنها نەوتی خاو و گازی سروشتی، بەڵکو خاوەنی سەرچاوەی وزە نوێیەکانیش وەك وزەی ئەتۆم، زیاتر لەوەش وزەی کارۆئاویی.

گرنگترین سەرچاوەی جێگرەوە (بدیل)ی بەردەست لە ئێستادا، بونیادنانی وێستگەی ئەتۆمییە لەلایەن وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداوی عەرەبییەوە، ئەمەش لە ڕێگای بەستنی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا تایبەتمەندەکان، بۆ پاڵپشتی و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی وزە، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر بەکارهێنانی ئەم سەرچاوەیە لەبواری ئاشتیدا، لەڕێگەی هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە نێودەوڵەتییە تایبەتەکانی ئەم بوارە بۆ پاراستن و سەلامەتی دەزگاکانی ئەم وزەیە.

## سەرەتا

هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی وزەی نوێ و جێگرتنەوەی سەرچاوە سەرەکییەکانی وزە، بەو مانایە نیە کە وزەکانی دیکەی وەك نەوت و گاز و خەڵوز لە کەمبونەوەدان، بەڵکو واتای ئەوەیە کە ناکرێت تەنها پشت بە یەك سەرچاوەی وزە ببەسترێت لە کاتێکدا جێگرەوەی تری وزە لە کایەدابن.

لێرەوە وزەی کارۆئاوی و وزەی ئەتۆمیش دەچێنە پاڵ سەرچاوە نوێیەکانی وزەی خۆر و با. لەکاتێکدا جۆرێك لە پرسیار هەیە لەسەر بەکارهێنانی وزەی ئەتۆم، ئەوەش بەهۆی ئەوەی وزەی ئەتۆم پرسێکی هەستیارە، جگە لەوەی پێدەچێت ئەم توانا تەکنیکیە سەربکێشێت بۆ دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی، گرنگی سەرچاوەی وزەی خۆر و وزەی با لەوەدایە کە لە بەردەوامی و نوێبوونەوەشدان. جیاواز لە سەرچاوەی وزە هایدرۆکاربۆنیەکانی وەکو نەوت و گاز، کەبەردەوام لەژێر هەڕەشەی کەمبوونەوەو لەناوچوندان.

وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداوی عەرەبی، دەبێت کاربکەن بە بژاردەکانی دیکەی وزە، وەکو وزەی خۆر بۆ وەبەرهێنانی کارەبا، هەناردەکردنی زیاتری گاز لەبری بەکارهێنانی لە ناوخۆدا، ئەمەش بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی خەزێنەی دەوڵەت. هەروەها جێگرتنەوەی وزەی نەوت و گازی سروشتی و بەکارهێنانی وزەی دیکە لە شوێنیان بەستراوەتەوە بە چۆنیەتی بەکارهێنانی وزەوە، بەشێوازێکی باشتری بەکارهێنان بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە خواست لەسەر وزەی کارەبا بەڕادەیەکی زۆر بەرزبووەتەوە چ بۆ پێداویستییەکانی نێو ماڵ یان بۆ بواری پیشەسازی.

بێگومان، نابێت ڕۆڵی نرخی وزە و تەکنۆلۆژیا پشتگوێ بخرێت، لەکاتی هەڵسەنگاندنی جێگرەوە(بدائل) جیاوازەکاندا، لەساڵانی ڕابردوودا کە قسە لەسەر جێگرەوەی نەوت دەکرا، پرسەکە سەبارەت بە بەرزی بەهای نەوت بوو، بۆ نمونە لەساڵانی ڕابردوودا نرخی نەوت بەڕادەیەکی زۆر هەڵکشابوو لە بازاڕەکانی جیهاندا، کە نرخی یەك بەرمیل لە ساڵانی 2011 - 2013 (100) دۆلاری ئەمریکی تێپەڕاندبوو، بەڵام لە ئێستادا نرخەکەی بۆ زیاتر 50٪ دابەزیوە.

ئەم پەیپەرە باسە لە جێگرەوەکانی وزە، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر گرنگی ئەم وزانە لەداهاتودا، بۆ شەش وڵاتی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، کە هەریەك لە (سعودیە، ئیمارات، قەتەر، کوەیت، عومان و بەحرەین)ن.

## گرنگی ڕێژەیی سەرچاوەکانی وزە

دەکرێت ڕیزبەندی گرنگی ڕێژەیی سەرچاوەکانی وزە بەم شێوەیە دابەشبکرێت: 1-نەوت. 2- خەڵوز. 3- گاز. 4- وزەی کارۆئاوی. 5- وزەی ئەتۆم. 6- وزەی نوێیەکان. (بڕوانە: خشتەی ژمارە 1)

**خشتەی ژمارە 1 : بەرکاربردنی سەرچاوەکانی وزە لە جیهاندا ، ئاماری 2013**

| سەرچاوەی وزە | ڕێژەی بەکاربردن % |
| --- | --- |
| نەوت | 32.9 |
| خەڵوز | 30.0 |
| گازی سروشتی | 23.3 |
| هایدرۆ ئەلیکتریك (وزەی کارۆ ئاوی) | 6.7 |
| وزەی ئەتۆمی | 4.4 |
| وزە نوێیەکان | 2.7 |
| کۆ | 100.0 |
| سەرچاوە: شركة بريتيش بترولیوم - تقرير إحصاءات الطاقة، يونيو/حزيران 2014، BP Statistical Review of world Energy June 2014, http://www.bp.com/en/global/corporate/about-bp/energy-economics/statistical-review-of-world-energy.html | |

## یەکەم: نەوت

کەرتی نەوت بە هەردوو بەشەکەیەوە (نەوت و گاز) دابینکەری یەکەمی وزەن لە جیهاندا، بەبەڵگەی ئەوەی تاوەکو سەرەتای ساڵی 2014 نەوت و گاز بەلایەنی کەمەوە ڕێژەی 56٪ پێداویستی وزەی جیهانیان دابینکردووە. ئەم دۆخەش پێچەوانەی ئەوە گرنگیدانەیە کە پێویستە بدرێت بە سەرچاوەکانی دیکەی وزە، هۆکاری مانەوەی نەوت وەك دیارترین سەرچاوەی وزە بۆ کاروباری ژیانی هاوچەرخ دەگەڕێتەوە، بەتایبەت بەکارهێنانی نەوت و گاز (بە کۆی پێکهاتەکانیانەوە - المشتقات) وەکو ماددەیەکی سەرەتایی لەزۆر بوارەکانی ژیاندا بەکاردێت، وەکو بواری (گواستنەوە، وەبەرهێنان و پیشەسازی، بیناسازی، جوانکاری... بۆ زۆر بواری دیکە.

بەو هۆیەی تاکو ئێستا گەڕان بەدوای دۆزینەوەی کێڵگەی نەوتی نوێ لە ناوچەو شوێنی جیاجیای جیهاندا بەردەوامی هەیە. هێشتا یەدەگی نەوت ڕووی لە دابەزین نەکردووە، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتێکی بواری وزە – سەرچاوە: کۆمپانیای

بریتش پترۆلیۆم، ئامارەکانی وزە- لە 53 ساڵی داهاتوودا یەدەگی دۆزراوەی نەوتی جیهان کۆتایی پێ دێت، پشت بەست بە ئاستی وەبەرهێنانی ئێستا (88 ملیۆن بەرمیلی ڕۆژانە یان 31 ملیار بەرمیل لە ساڵێکدا بەراورد بە 1688 ملیار بەرمیلی بڕی یەدەگی جیهان). زیاتر لەوە، مانەوەی یەدەگی نەوتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست – لەنێویدا وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو– تا 82 ساڵی دیکە بڕ دەکات، ئەگەر دورترین مەوداش لێکبدرێتەوە، ئەوا لە هەندێك ناوچەدا لە 120 ساڵی داهاتوو کۆتایی پێ دێت، بۆ نمونە باشوری کیشوەری ئەمریکا، بەدیاریکراویش لە فەنزویلادا.

دۆزینەوەی نەوت، لەناوچە جیاجیاکانی جیهاندا بەردەوامە، بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا لە کیشوەری ئەمریکای باشور، هاوکات قەبارەی یەدەگی جیهان بەدەوام ڕووی لە زیادبوونە، بەشێوەیەك یەدەگی جیهان لەساڵی 1993 دا 1041 ملیار بەرمیل بووە، لە ساڵی 2003 بەرزبووەتەوە بۆ 1334 ملیار بەرمیل، لە 2013 گەیشتووە بە 1688 ملیار بەرمیل، هەر ئەمە ئەوەمان بۆ لێکدەداتەوە کە فەنزویلا وڵاتی یەکەم بۆ یەدەگی نەوت و لەم نێوانەشدا لە سعودیە زیاتر یەدەگی لەبەردەستدایە.

فەنزویلا کۆنترۆڵی 17.7٪ یەدەگی نەوتی جیهان کردووەو سعودییە 15.8٪، بەڵام بەشداری هەریەکەیان لە بواری وەبەرهێنانی نەوتی جیهاندا جیاوازە، بەجۆرێك سعودییە بەڕێژەی 13٪ بەشدارە، فەنزویلاش بە 3.3٪، دیارە ئەمەش پەیوەستە بە جیاوازی توانا بەردەستیەکانی وەبەرهێنانی هەریەك لەم دوو وڵاتە (بڕوانە: خشتەی ژمارە 2).

**خشتەی ژمارە 2: یەدەگی نەوت و گاز لە جیهاندا، ئامارەکانی 2013**

| | % نەوتی خاوی دۆزراوە | % وەبەرهێنانی نەوت لە جیهاندا | % گازی سروشتی دۆزراوە | % وەبەرهێنانی گازی سروشتی لە جیهاندا |
|---|---|---|---|---|
| فەنزوێلا | 17.7 | 3.3 | 3.0 | 1.0 |
| سعودییە | 15.8 | 13.1 | 4.4 | 3.0 |
| کەنەدا | 10.3 | 4.7 | 1.1 | 4.6 |
| ئێران | 9.3 | 4.0 | 18.2 | 4.9 |
| عێراق | 8.9 | 3.7 | 1.9 | - |
| کوێت | 6.0 | 3.7 | 1.0 | - |
| ئیمارات | 5.8 | 4.0 | 3.3 | 1.6 |
| روسیا | 5.5 | 12.9 | 16.8 | 17.8 |
| لیبیا | 2.9 | 2.7 | - | - |
| ویلایەتە یەکگرتووەکان | 2.2 | 10.8 | 5.0 | 20.5 |
| نێجیریا | 2.2 | 2.7 | 2.7 | - |
| کازاخستان | 1.8 | 2.0 | - | - |
| قەتەر | 1.5 | 2.0 | 13.3 | 4.7 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| چین | 1.1 | 5.0 | 1.8 | 3.4 |
| بەرازیل | 0.9 | 2.7 | - | - |
| ئەنگۆلا | 0.8 | 2.1 | - | - |
| جەزائیر | 0.7 | 1.7 | 2.4 | 2.3 |
| مەکسیك | 0.7 | 3.4 | - | 1.7 |
| نەرویج | 0.5 | 2.0 | 1.1 | 3.2 |
| عومان | 0.3 | 1.1 | - | - |
| تورکمانستان | - | - | 9.4 | 1.8 |
| ئوستراليا | - | - | 2.0 | - |
| ئەندەنوزیا | - | - | 1.6 | 2.1 |
| مالیزیا | - | - | - | 2.0 |
| هۆڵەندا | - | - | - | 2.0 |
| شانشینی یەکگرتوو | - | - | - | 1.6 |
| ئەوانی تر | 5.1 | 12.4 | 11.0 | 21.8 |
| کۆ | 100 | 100 | 100 | 100 |
| بەشداربوانی ڕێکخراوی ئۆپێك | 71.9 | 42.1 | | |
| وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو | 7.8 | 16.5 | 28.5 | 22.8 |
| ئەکێتی ئەوروپا | 0.4 | 1.7 | 0.8 | 4.9 |

سەرچاوە: شركة بريتيش بترولیوم - تقرير إحصاءات الطاقة، يونيو/حزيران 2014،
BP Statistical Review of world Energy June 2014,
http://www.bp.com/en/global/corporate/about-bp/energy-economics/statistical-review-of-world-energy.html

## دووەم: خەڵوز

لە دوای وزەی نەوتەوە خەڵوز بە دووەم گرنگترین سەرچاوەی وزە هەژمار دەکرێت، بەجۆرێك وزەی خەڵوز لە ڕووی ڕیزبەندییەوە لەپێش وزەی گازی سروشتیەوە دێت، ئەمەش پاڵپشت بە ڕێژەی بەرکاهێنانی ئەم وزەیە لە جیهاندا، کە تەنها لە ساڵی 2013دا نزیکەی 30٪ بەکاربردنی وزەی جیهان پشتی بەم سەرچاوەیە بەستووە. هەر وەك چۆن پێشبینی دەکرێت لە داهاتوودا بەهۆی خەڵوزی پاکەوە بەکاربردنی ئەم وزەیە ڕوو لە بەرزبوونەوەو هەڵکشان بکات.

هەرچی دەربارەی یەدەگی خەڵوزە لە ساڵی 1993 بڕەکەی بە 1039181 ملیۆن تەن مەزەندە کرابوو، بەڵام لەساڵی 2003 ئەو بڕە دابەزیوە بۆ 984453 ملیۆن تەن و لە ساڵی 2013 بووە بە 891531 ملیۆن تەن، بەڵام ئەم بڕە زۆر کاریگەری نیە، چونکە بڕی دۆزراوەی ئەم وزەیە ئەو پێشبینییە دەخاتەڕوو کە ئەگەر هەیە وزەی خەڵوز بەشی 113 ساڵی داهاتوو بکات، ئەگەر بێت و ئەم وزەیە بەم ئاستەی ئێستای بەشداربێت لە بەرکاربردنی وزەی جیهانیدا.

وڵاتی چین پشکی شێری جیهانی بەردەکەوێت، لە وەبەرهێنانی وزەی خەڵوزدا بە دیاریکراویش ڕێژەی 47٪ ئەم وزەیە وەبەردێنێت، بەلەبەرچاوگرتنی یەدەگی زۆر و توانای بەرهەمهێنانی، بەڵام نابێت ئەوە پشتگوێ بخرێت کە بەکاربردنی ئەم وزەیە زیان بە ژینگە دەگەیەنێت. بۆ نمونە گەشتیارانی ئەم وڵاتە بە ڕوونی ئەم دیاردەیە بە ئاسمان و ژینگەی پەیکینەوە هەست پێ دەکەن، ئەمەش دەرەنجامی سیاسەتی ئەو وڵاتەیە سەبارەت بە ژینگە و گرنگیدان بە بواری ئابوری لەسەر حسابی ژینگە، بەڵام لە ئێستادا دەسەڵاتدارانی چین لە هەوڵی توندکردنەوەی کارکردنن لە بواری وەبەرهێنان و کارکردن لە چاڵە خەڵوزەکاندا، کە کاریگەری دەبێت لەسەر بەکارهێنانی خەڵوز لەو وڵاتەدا.

لەبەرامبەردا ئەڵمانیا خاوەنی یەدەگی 4.5٪ ی یەدەگی جیهانە، بەڵام پشکی 1٪ وەبەرهێنانی جیهانی هەیە، ئەمەش پەیڕەوکردنی ستراتیجیەتێکی گونجاوە کە ئەڵمانیا هەڵیبژاردوە، ئەمەش گوزارشتە لە پابەندبوون بە یاساکانی ژینگە کە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا پەیڕەوی دەکەن. بەڵام ئەم سامانە بونێکی بەرچاوی نیە لە ژینگە ی سروشتی وڵاتانی هاریکاری کەنداودا، چ لە ڕووی یەدەگ چ لە ڕووی وەبەرهێنانەوە، بێگومان ئەم هۆکارەش پەیوەندیدارە بە سروشتی جوگرافیای ناوچەکەوە (بڕوانە: خشتەی ژمارە 3).

**خشتەی ژمارە 3: خەڵوز وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی وزی، ئاماری 2013**

| | % خەڵوزی دۆزراوە | % وەبەرهێنانی خەڵوز |
|---|---|---|
| ویلایەتە یەکگرتووەکان | 26.6 | 12.9 |
| روسیا | 17.6 | 4.3 |
| چین | 12.8 | 47.4 |
| ئستراليا | 8.6 | 6.9 |
| هیندستان | 6.8 | 5.9 |
| ئەڵمانیا | 4.5 | 1.1 |
| ئۆکرانیا | 3.8 | 1.2 |
| باشوری ئەفریقیا | 3.4 | 3.7 |
| ئەندەنوزیا | 3.1 | 6.7 |
| وڵاتانی تر | 12.8 | 8.9 |
| کۆ | 100 | 100 |
| وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو | 25.6 | 7.1 |
| یەکێتی ئەوروپا | 6.3 | 3.9 |

سەرچاوە: شركة بريتيش بتروليوم - تقرير إحصاءات الطاقة، يونيو/حزيران 2014،
BP Statistical Review of world Energy June 2014,
http://www.bp.com/en/global/corporate/about-bp/energy-economics/statistical-review-of-world-energy.html

## سێهەم: گاز

وزەی گازی سروشتی لە پلەی سێهەم دێت، لەدوای هەریەك لە وزەی نەوت و خەڵوزەوە، لەڕووی بەکاربردنی ئەم سەرچاوەیە بە بەراورد بە سەرچاوەکانی دیکەی وزە، بەڵام نیمچە ڕێککەوتنێك هەیە لەبارەی گرنگی ئەم وزەیە، کە پێشبینی دەکرێت لە داهاتوودا وەك سەرچاوەیەکی بنەڕەتی وزە پشتی پێ ببەسترێت، ئەوەی لەپشت ئەمەوەیە ئەو دۆزینەوە بێشومارەی گازی سروشتییە لە هەردوو کیشوەری ئەمریکای باشور و ئەمریکای باکوردا، دواتر لە چینیش بە هەمان شێوە، هۆکاری ئەم گرنگی پێدانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ئێستادا گاز بە سەرچاوەیەکی گرنگ و زیندوو دادەنرێ لە بواری پیشەسازی و وەبەرهێنانی کارەبادا.

ئەوەی لە ئێستادا هەیە دەریدەخات کە قەبارەی یەدەگی ئەم وزەیە ئێجگار بەرزە، بۆ نمونە  ئەو گازە سروشتییە کە تا ساڵی 1993 دۆزرابوویەوە بڕەکەی نزیکەی 118 تریلیۆن مەتر سێجا بووە، لە ساڵی 2003 ئەو بڕە گەیشتووەتە 157 تریلیۆن مەتر سێجا، لە 2013 گەیشتووە بە 187 تریلیۆن مەتر سێجا، ئەوەش جگە لەوەی کە گەڕان و دۆزینەوەکان بەردەوامیان هەیە لەم بوارەدا لە تەواوی جیهاندا، بەتایبەت لە ئێران و ڕوسیا (بڕوانە: خشتەی ژمارە 2). بەو یەدەگەی کە لە ئێستادا هەیە پێشبینی دەکرێت گازی سروشتی نزیکەی 54 ساڵی دیکە کۆتایی بێت، پشت بەست بە ئاستی وەبەرهێنانی ئێستای جیهان. بەڵام بڕی گازی سروشتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست – لەنێویدا وڵاتی قەتەر– بەدیاریکراوی سەرچاوەی گاز تا 130 ساڵی داهاتوو بەردەوام دەبێت.

جێی ئاماژەپێدانە، لە ئێستادا سێ وڵات دەستیان بەسەر یەدەگێکی زۆری گازی سروشتیدا گرتووە، ئەوانیش هەریەك لە قەتەر و ئێران و روسیان. جیا لە قەتەر، بە تێڕوانینی ڕۆژئاوا هەریەك لە ئێران و ڕوسیا لەم بوارەدا سیاسەتێکی ناڕوون پەیڕەو دەکەن. چونکە وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەزمونیان هەیە لەگەڵ ڕوسیادا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆی هەیە لە داهاتوودا گۆڕانکاری لەڕیزبەندی وڵاتاندا ڕووبدات لەڕووی خاوەندارییان بۆ یەدەگی گازی سروشتی، بەتایبەت بەهۆی دۆزینەوە بەردەوامەکانی گازی بەردییەوە.

## چوارەم: هایدرۆ ئەلکتریك (وزەی کارۆئاوی)

ئەم سەرچاوەیە ڕۆڵی هەیە لە دابینکردنی بڕی 6.7٪ پێداویستی وزەی جیهانی، کە بەکاردێت لەبواری بەرهەمهێنانی وزەی کارەبادا، لەرێگەی بونیادنانی وێستگەی وزەی کارۆئاوی لەسەر بەنداوی سەرچاوە ئاوییەکان، بۆ سود وەرگرتنی زیاتر لە سەرچاوە ئاوییەکان. هەندێك پێیان وایە ئەم وزەیە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا یەکێکە لە سەرچاوە نوێیەکانی وزە، ئەمەش پشت بەست بە بنەمای سود وەرگرتنی زیاتر لە سەرچاوە ئاوییەکان لە داهاتوودا.

## پێنجەم: وزەی ئەتۆم

ئەم سەرچاوەیە نزیکەی 4.4٪ وزەی بەکاربەری جیهانی پێك هێناوە، لەساڵی(2013) دا هەرچەندە ئەمە کەمترین ڕێژەی تۆمارکراوە لەساڵی (1984)ەوە. هۆکاری کەمکردنی ئاستی بەکاربردنی ئەم سەرچاوەیە لەئێستادا دەگەڕێتەوە بۆ لێکەوتەکانی پاش کارەساتی وێستگەکانی وزەی فۆکۆشیما لە یابان، هەر ئەمەش پاڵی نا بە دەوڵەتانەوە کە ئاستێك دابنێن بۆ بەکاربردنی وزەی ئەتۆم، ئەمەش لە بەر ئەو هۆکارانەی کە دەشێت بەهۆی بەکاربردنیەوە کارەساتی گەورە دروستبکات. هاوکات جۆرێك لە ترس و دڵەراوکێ هەیە لەبەرامبەر سود وەرگرتن لە بەکارهێنانی ئەم سەرچاوەیە، چونکە بەردەوام بەمیکانیزمێکی کارا دادەنرێت لە پێناو بەکاربردنی بۆ مەبەستی سەربازی و جەنگ و دروستکردنی نا ئارامی. باشترین بەڵگەش بۆ ئەم راستییە بریتیە لە هەڵوێست وەرگرتنی وڵاتانی رۆژئاوا لەبارەی پرۆژە ئەتۆمیەکەی ئێران.

لەسەر ئاستی دەوڵەتانی نێو ئەنجومەنی هاریکاری عەرەبیش، ئیمارات یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لەم روەوە هەنگاوی باشی بریوە بۆ دابینکردنی ئەم وزەیە، لەم بوارەشدا رێکەوتننامەیەکی لەگەڵ کۆریای باشوردا مۆرکردووە لەپێناو بونیادنانی چەند وێستگەیەکی ئەتۆم لە وڵاتەکەیدا و لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی لایەنە نێودەوڵەتیە پەیوەندیدارەکاندا. ئیمارات سود لەم سەرچاوەیە دەبینێت، بۆ پرکردنەوەی داواکاری و پێداویستیە ناوخۆیەکانی لەبواری بەرهەمهێنانی کارەبادا، ئەمەش خۆی لە چوارچێوەی ئەو گەشە سەندنە بەرفراوانەی بواری ئابوری کە ئەو وڵاتەدا دەبینێتەوە، کە بەردەوام لە بەرەوپێچوندایە. بۆ زیاتر بەهێزکردنی پێگە ئابوریەکەی لەسەر نەخشەی ئابوری جیهانی.

## شەشەم: وزە نوێیەکان

وزە نوێیەکان کەمتر لە 3٪ سەرچاوەی وزەی جیهانی پێك دەهێنن، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم وزانە ئەگەری بەرزبونەوە و زیادبونی رێژەی بەکاربردنیان هەیە. چونکە کۆمەڵێك هۆکاری بابەتی هەن لەپشت ئەم سەرچاوانەوە کە پێشبینی دەکرێت ئەم جۆرانەی وزە لەئایندەدا بکاتە جێگرەوەی گازی سروشتی بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا. ئەمەش بەهۆی بەردەوامی ئەو خواستە زۆرەی کە لەسەر کارەبا هەیە، بەتایبەت لە پرکردنەوەی پێداویستیەکانی بواری پیشەسازی و بەرهەمهێنان و پێداویستی ناوماڵی هاوڵاتیان و کۆی بوارەکانی دیکە لەسەرانسەری جیهاندا.

ئەوەی پەیوەندیدارە بە نێوەندی کەنداوی عەرەبیەوە ئەوەیە، کە بەردەوام داواکاری لەسەر بەکاربردنی کارەبا لەگەشە سەندندایە لە ساڵێکدا بە رێژەی 8٪، واتە لەهەر دەیەیەکدا داواکاریەکان لەسەر بەکارهێنانی کارەبا لەبواری بەرهەمهێناندا بە دوو هێندە بەرز دەبێتەوە. لەهەمانکاتدا ئەم ڕێگەیە بارگرانیەکی گەورەی ئابوری دروست دەکات لەسەر شانی دەوڵەتان، ئەمە جگە لەوەی بەرهەمهێنانی کارەبا لەرێگەی سەرچاوە نوێیەکانی وزەوە هۆکارێك دەبێت بۆ بەدەستخستنی برێك لە نەوتی خاو و گاز کە دەکرێت سودی لێ ببینرێت لە بواری هەناردەکردندا، بەم شێوەیەش چانسی بەرزبونەوەی داهاتی گشتی زیاد دەکات و لە بەرامبەردا سودمەندی یەکەم خەزێنەی گشتی دەوڵەتان دەبێت.

لەگەڵ ئەمەشدا دەوڵەتانی کەنداو لە ریزبەندی خراپترین 14 دەوڵەت دادەنرێن لە دەردانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بۆ ناو بەرگە هەوا، ئەمەش بەهۆی خاوەنداریان بۆ سەرچاوەی وزەی وەك هایدرۆکاربۆن و چاڵە سوتەمەنیەکان، نەوت و یاخود گاز. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانرێت سنورێك دابنرێت بۆ ئەم کێشەیە، لەرێگەی سود وەرگرتن لە سەرچاوە نوێیەکانی وزە، کە بە خاسیەتی پاکراگرتنی ژینگە دەناسرێنەوە، ئەمە جگە لەوەی پێشبینی دەکرێت لەبوارێکی بەرفراواندا تێچونی بەرهەمهێنانی پشت بەستو بەسەرچاوە نوێیەکانی وزە کەم بکاتەوە بەجۆرێك کەمتربێت لە تێچووی سەرچاوەکانی دیکەی وزرە، بەتایبەت لەچەند ساڵی ئایندەدا. بێگومان ئەمەش پاڵپشت بە پێشکەوتنی تەکنیکی و بەرزبونەوەی ئاستەکانی بەرهەمهێنان لەم بوارەدا.[1]

بەڵام ئەوەی جۆرێك لە ئومێد دەبەخشێتە وڵاتانی نێو ئەنجومەنی هاریکاری عەرەبی، ئەوەیە کە ئەم دەوڵەتانە تا 2020 چەند ئامانجێکیان دەستنیشانکردووە بۆ سود وەرگرتن لە وزە نوێیەکان، ئەمەش وەك پێویستی لە نەخشەکێشان بۆ پلانێکی تەندروست. لەهەندێك وردەکاریدا، ئەبو زەبی هەوڵدەدات بۆ ئەوەی کە بتوانێ تا ساڵی 2020 رێژەی 24٪ بەرهەمێنانی کارەبای پشت ببەستێت بە سەرچاوە نوێیەکانی وزە. لەگەڵ بەرهەمهێنانی برێکی دیاریکراو لەوزەی خۆر و با ...، دواتر کەمکردنەوەی ئاستی پشتبەستن بە گاز، کە لەئێستادا رێژەی 97٪ وزەی بەکاربردن پێکدێنێت بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لە ئیماراتی عەرەبیدا. بەم شێوەیە هەندێك لەم دەوڵەتانە ئامانجەکان بە گونجاندنی واقیعی دەستنیشان دەکەن، لەکاتێکدا مەرج نییە لە بنەرەتدا ئەم جۆرە رێوشوێنانە لەئاست تموح و خواستە سەرەکیەکانیاندا بێت.[2]

دەکرێت بەئاسانی لەم ئاراستەیەی ئەمارەتی ئەبو زەبی تێبگەین، بەتایبەت لەروی دەوڵەمەندکردنی هەلی سودوەرگرتنی لەسەرچاوە نوێیەکانی وزە، هۆکارەکەش پەیوەستە بە میوانداریکردنی ئەبو زەبی بۆ بارەگای ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە نوێیەکان کە بە (ئیرینا) ناسراوە. هاوکات کارکردن بەردەوامە بۆ دروستکردنی کۆمپانیایەك لە سیمای شارێکی پەیوەندیدار بە بەرهەمهێنانی وزە، لە نزیك ئەبوزەبی پایتەخت لەژێرناوی (مصدر)، کە لەسەر بنەمای هاوبەشی و شەراکەتی نێوان چەند لایەنێکی جیاواز پێکهێنراوە. کەخاوەنی سامانێکی سروشتی گەورەیە لەم بوارەدا و پێشبینی دەکرێت برە سامانی سیادی ئەم کۆمپانیایە بگاتە نزیکەی 61 ملیار دۆلار تاوەکو ئەیلولی ساڵی 2014. ئەمەش پشت بەست بەئامارەکانی پەیمانگای سامانی سیادی، کە دەچێتە چوارچێوەی دارایی و داهاتی گشتی ئیماراتەوە، بەو پێیەی سامانی ئەم کۆمپانیایەش شوێنکەوتەی سەرچاوەی دارایی ئەمارەتی ئەبوزەبییە.[3]

چاوەروانیش دەکرێت (ئیرینا) شاری مصدری وزە بکاتە بارەگای خۆی، وەك شارێك کە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بەسەرچاوەی نوێیەکانی وزەی وەك (خۆر و با)، بۆ پرکردنەوەی پێداویستیەکانی لە بواری وزەدا، لەگەڵ مەرجی رێگەنەدانی بە بەکارهێنانی ئۆتومۆبێل و هەرهۆکارێکی دیکەی بەکاربەلری سەرچاوە سوتەمەنیەکانی وزە لەشارەدا.[4]

لەلایەکی دیکەشەوە، ئیمارەتی دوبەی خاوەنی پلانێکی وردە بۆ بەهەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی وزە لەماوەی دە ساڵ یاخود پێنج ساڵی داهاتودا، وەك ئەوەی لەم خشتەیەی خوارەوەدا هاتووە :

خشتەی ژمارە 4: جۆراو جۆری سەرچاوەکانی وزە لە دوبەی تا ساڵی 2030

| | % کۆی سەرچاوەکانی وزە |
|---|---|
| گاز | 71 |
| وزەی بۆرانیۆم | 12 |
| خەڵوز | 12 |
| وزەی خۆر | 5 |

سەرچاوە: هیئة کهرباء وماء دبي، نقلاً عن لمياء القلاب، "الإمارات تستهدف إنتاج 24٪ من احتياجاتها من الكهرباء من مصادر نظيفة"، وزارة الطاقة، الإمارات العربية المتحدة، 27 يوليو/تموز 2014، الموقع الإلكتروني:
http://www.zawya.com/ar/story/ZAWYA20140727192313/

لای خۆشیەوە قەتەر هەوڵدەدات 16٪ پێداویستییەکانی کارەبای لەرێگەی وزەی خۆرەوە بەرهەمبهێنێت، تاوەکو ساڵی 2018. وە ئەم پلانەی قەتەر لەچاو خواستی دیکەی وڵاتانی نێو ئەنجومەنی هاریکاری عەرەبی بە تەماحترین خواستیان دادەنرێت بەتایبەتی لەم بوارەدا.[5]

گرنگیپێدانی فەرمی دەوڵەتانی کەنداو بە وزە نوێیەکان، لەسەر ئاستی سەرکەوتنی دەوڵەتانی ئەندامی ئەنجومەنی هاریکاری عەرەبی لەم بوارەدا بەرونی دەردەکەوێت، بەتایبەت لەرێکاری رێکخستنی کۆنگرە نێودەوڵەتیەکان بۆ پرسی وزە نوێیەکان، وەك نمونەی (لوتکەی جیهانی وزە لەداهاتودا) کە ساڵی 2013 لە بارەگای (ئیرینا) لە ئەبوزەبی/ئیمارات رێکخرا. یاخود ئەوەی کە قەتەر دەستنیشانکرا بۆ رێکخستنی (لوتکەی وزەی خۆری جیهانی) لە تشرینی دووەمی ساڵی 2014 دا.

هەندێ لایەنی پەیوەندیداری وەك (ئیرینا)، دواکەوتنی وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بۆ سود وەرگرتن لە وزە نوێیەکان دەگەرێننەوە بۆ ئەو پاڵپشتییەی کە بۆ بەکارهێنانی سەرچاوە هایدرۆکاربۆنیەکان و پێکهاتەکانی نەوت و گاز پێشکەش دەکرێت. چ لەسەر ئاستی تاکەکان چ لەسەر ئاستی کۆمپانیا و دامەزراوەکان. لەم نێوەندەشدا دور نییە بۆ هەندێك وڵاتی وەك عومان و بەحرێن و کوێت کە دوبارە بە دابەشکردنی پاڵپشتی و هاوکاریەکانیاندا نەچنەوە ، ئەویش بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوتدا کە لە چارەکی چوارەمی 2014دا رویدا. رەنگە سەڵتەنەتی عومان دەستپێشخەربێت لە پێداچونەوە بەو هاوکاریانەدا بۆ ساڵی 2015 بەمەبەستی زیادکردنی داهاتی گشتی.

لەبواری بەکاربردنی وزەدا، توێژینەوەیەکی تایبەتمەند بەم بوارە دەریخستووە کە سعودیە لە ریزبەندی شەشەم وڵات دێت لەسەر ئاستی جیهان لەروی بەکاربردنی نەوتەوە، لەروی گازی سروشتیشەوە ریزبەندی حەوتەمین وڵاتی جیهانی گرتووە. بەزمانی ژمارەش رۆژانە سعودیە نزیکەی 750هەزار بەرمیل نەوت بەکاردێنێت، بەتایبەت لەوەرزی هاویندا، واتە بە

ڕێژەی زیاتر 10٪ لەکۆی ئەو نەوتە خاوەی کە سعودیە هەناردەی بازارەکانی دەرەوەی دەکات. گومانی تیا نییە کە سعودیە لەلوتکەی وڵاتانی هەناردەکەری نەوتی خاو دێت، بەڵام بڕی زۆر لە بەکاربردنی ناوخۆی بوەتە هۆکاری زیانگەیاندن بە خەزێنەی گشتی ئەو وڵاتە، وەك چۆن هۆکارێکیشە بۆ بەهەدەردانی بڕێکی زۆر لە توانای وزە و زیادکردنی تێچووەکانی دیکەی، وەك ناچاری مامەڵەکردنی داراییانە لەگەڵ کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی وزە لەسەر ژینگە، ئامادەکردنی دارایی بۆ بواری بوژاندنەوەی ژێرخان بۆ بەردەوامبون لەگەڵ پەرەسەندنی داخوازی و داواکاریەکاندا.[(6)]

## یەدەگی نەوت و گاز لەکەنداو

دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو خاوەنی بڕێکی زۆرن لە یەدەگی نەوت و گاز، کە بەرێژەی 21٪ بۆ 30٪ یەدەگی جیهانی مەزەندە دەکرێت. (بڕوانە خشتەی ژمارە 5)

**خشتەی ژمارە 5: یەدەگی نەوت و گازی وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بۆ ساڵی 2013**

| | ٪ یەدەگی جیهانی نەوتی خاو | ٪ یەدەگی جیهانی گازی سروشتی |
|---|---|---|
| سعوديیە | 15.9 | 4.4 |
| کوێت | 6.6 | 1.0 |
| ئیمارات | 5.9 | 3.3 |
| قەتەر | 1.5 | 13.3 |
| عومان | 0.3 | 0.5 |
| بەحرێن | - | 0.1 |
| کۆ | 30.2 | 22.6 |

سەرچاوە: شرکة بریتیش بترولیوم - تقریر الطاقة یونیو/حزیران 2014،
BP Statistical Review of world Energy June 2014,
http://www.bp.com/en/global/corporate/about-bp/energy-economics/statistical-review-of-world-energy.html

لەگەڵ ئەوەشدا کە سعودییە ڕیزبەندی یەکەمی بەبێ ڕکابەر گرتوە لەسەر ئاستی هەناردەکردنی نەوتی خاو، ئەوەتا لەهەمانکاتدا سعودییە گەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنی ئاڵتونی ڕەش دانراوە لەساڵی 2013 دا، ئەمەش پاڵپشت بەو هەنگاوانەی کە سعودیە لەم بوارەدا گرتویەتە بەر، بۆ پڕکردنەوەی ئەو کورتهێنانەی کە ڕویدا، بەهۆی کێشەکانی بواری بەرهەمهێنان لەوڵاتانی وەك لیبیا و سوریا و یەمەن، بەهۆی قەیرانە ئەمنی و سەربازی و سیاسیەکانی ئەو وڵاتانەوە. هاوشێوەی ئێران بەهۆی ئەو پێوەندو سزا ئابوریيانەی کە لەلایەن دەوڵەتانی خۆرئاواوە، بەهۆی پەرەپێدان بەرنامە ئەتۆمیەکەی سەپێندراوە بەسەر ئەو وڵاتەدا. هاوکات سعودییە جیا لەدەوڵەتانی دیکەی ناو ئۆپێك توانایەکی دیکەشی هەیە، ئەویش زیادکردنی بڕی بەرهەمهێنانی زیادە وزەی نەوتی خاوی هەیە، بە بڕی 2ملیۆن بەرمیل نەوتی ڕۆژانە هەرکات پێویستی دۆخەکەی ئەوەی لەو وڵاتە خواست.

لەلایەکی دیکەوە قەتەر بەگەورەترین ولأتی هەناردەکەری گازی سروشتی (پەستێنراو) شلکراوە لەقەلەم دەدرێت، بەهۆی دەستبەسەرداگرتنی ئەو ولأتە بۆ یەك لەسەر سێی بەرهەمی جیهانی گاز، ئەمەش ئەو کارەیە کە رۆلّی جەوهەری ولأتانی ئەنجومەنی هاریکاری بەسەرکەرتی نەوتی جیهانییەوە بەهێزتردەکات. ئەوەی تایبەتمەندی زیاتریش دەبەخشێتە قەتەر بریتیە لەخاوەنداری ئەو ولأتە بۆ برێکی ئێجگار گەورە لەیەدەگی گازی شلکراو، لەرێگەی بونیادنان و گەشەپێدانی پرۆژە و کەرتەکانی بەرهەمهێنانی گازی سروشتی شلکراو.

خشتەی دەولّەتانی هاوردەکەری گازی سروشتی لەقەتەر و ولأتانی ئەنجومەنی هاریکاری عەرەبی هەریەك لە یابان و کۆریای باشورو هیندستان و ئیسپانیاو ئیتالّیاو ئەمریکا لەخۆ دەگرێت. بۆ نمونە یابان یەکەمین ولأتە کە لەو بوارەدا رێکەوتنامەیەکی لەگەلّ قەتەر ئیمزا کرد لەسالّی 1992 بۆ هاوردەکردنی گازی سروشتی لەرێگەی ئەو ولأتەوە، بەدیاریکراویش لە رێگەی کۆمپانیای (جۆبۆ ئەلکتریك و پاوەر کۆمپانی). ئەوەبوو یەکەمین بارە بەرهەمی گازی سروشتی لە قەتەرەوە بۆ کۆمپانیا یابانیەکان لەسالّی 1997 بەرێکرا، ئەوەش یەکەمین باربوو کە ئاراستەی دۆخی ئابوری قەتەری بەیەکجاری گۆری و ئەو ولأتەی خستە سەر رێرەوی قۆناغێکی نوێ، لەبواری بەرەوپێشبردن وبونیادنان و گەشەپێداندا.

بەردەوامبونی قەتەر لەسەر پێشکەشکردنی ئەو ئاستە لەبواری بەرهەمهێنان و هەناردەکردن گازدا، بەجۆرێك بووە کە لە راپۆرتەکانی کۆمپانیای (بریتیش پترۆلیۆم)دا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە قەتەر سەرچاوەی سەرەکی بووە لە گەشەکردنی گازی شل لەنێوان سالّانی 2013-2014 دا، بەو پێیەی وزەی بەرهەمهێنراوی قەتەر بۆ گازی سروشتی سالّانە گەیشتوەتە نزیکەی 77 ملیۆن تەن، ئەوە جگە لەوەی قەتەر لەتوانایدا هەیە ئاست و توانای وزەی بەهەمهێنراوی گازی سروشتی لەو برەش بەرزتربکاتەوە، هەرکاتێك یاساکانی خواست و خستنەروو رێگەیان پێدا بەزیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی.

پێدەچێت زۆرینەی دەولّەتانی نێو ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو جگە لەقەتەر ناچاربن لەچەند سالّی ئایندەدا روبکەنە هاوردەکردنی گاز لەدەرەوە بۆ ناوخۆی ولأتەکانیان، ئەمەش لەپێناو پرکردنەوەی پێداویستیە ناوخۆیەکانیان. وە ئەم هەنگاوە پەیوەست نییە بە هەبونی کێشەی ئەو ولأتانە لەبواری کورتهێنان یان لەبواری بەرهەمهێنان یاخود خاوەنداریان بۆ یەدەگی گاز، بەلّکو پەیوەندیدار دەبێت بە سروشتی ئەو گرێبەستە دورمەودایانەی کە لەنێوانیاندا مۆرکراوە بۆ مەبەستی هاوردەو هەناردەکردنی گاز. پشت بەست بەو گرێبەستانە، کە هەندێکیان نزیکەی 20 سالّ بەردەوام دەبێت. ئەمەش یاسایەکی پەیرەوکراوە لەبواری بەرەوپێشبردنی پیشەسازی ولأتاندا، سەرەرای ئەمەش داواکاری ناوخۆی لەسەر گاز بۆ پرکردنەوەی پێداویستیەکان بۆ بواری بەکاربردنی گشتی و گەشەپێدان بە کەرتی پیشەسازی بەردەوام لە بەرزبونەوەدایە.(7)

## گازو نەوتی بەردی

گازو نەوتی بەردی (لەئێستادا لەریزی یەكدی دێن لە ئەمریكا، بە پلەیەكی كەمتریش لە چین). دۆخێكی نوێیان خستوەتە ئەستۆی كەرتی نەوتی جیهانی، لەو نێوەندەشدا هەمانشت بۆ دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاریكاری كەنداوی عەرەبیش ئەمە راستە. بەو پێیەی كردەی بەدواداگەران و لێكهەڵوەشاندن و دڵۆپاندنی بەردی گازی، كردەیەكی ئاڵۆزو وردە و پێویستی بە تواناو میكانیزمی تەكنیكی پێشكەوتووی سەردەم دەبێت بۆ دەرهێنانی گازی سروشتی نەك گازی تەقلیدی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم كردەیە بەتێپەربونی كات بەردەوام بەرەوپێشچونی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت.[8]

لەم نێوانەدا هەندێك لەو توێژینەوانەی كە لەم بوارەدا بە ئەنجام گەیەندراون ئاماژە بەوە دەكەن كە لەئێستادا گازی بەردی دەستی گرتووە بەسەر 15٪ خستنەروی گازی جیهانیدا لەساڵی 2013 دا. هاوكات پێدەچێت لەماوەی 20 ساڵی ئایندەدا ئەم رێژەیە بەرزببێتەوە بۆ 50٪، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی بەكارهێنانی گاز بۆ بەرهەمهێنانی كارەبا، یاخود بەكارهێنانی گاز لەبواری پیشەسازیدا. بۆ نمونە لەكاتی ئێستادا گازی بری بەرهەمهێنانی گازی سروشتی ئەمریكا بەرێژەی 40٪ لەگازی بەردییەوە بەرهەم دێت، ئەم ژمارەیە ئەگەری زیادبونی هەیە لە داهاتودا.

پێدەچێت لە ماوەی چەند ساڵێكی دیكەدا، ئاستی پاشەكەوتكراوی یەدەگی نەوتی بەردی بگاتە نزیكەی 354 ملیار بەرمیل نەوت، ئەمەش لەرێگەی سودوەرگرتن لە تەكنیكی خێرا گەیشتن بە نەوتی پەنگخواردوی ناخی زەوی، بەتایبەت لە ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا. بە پێی ئەم ژمێرەو ئامارەش پێدەچێت بری یەدەگی نەوتی بەردی بگاتە نزیكەی ئاستی یەدەگی نەوتی هەریەك لە سعودییە و فەنزوێلا لە ئایندەدا، كە لە ئێستادا بۆ سعودییە بە 298، بۆ فەنزوێلاش بە 265 ملیار بەرمیل نەوت خەمڵێنراوە.[9]

لەم سەروبەندەشدا بۆچونێك هەبوو پێی وابوو كە هەبونی ئەو برە زۆرە لەنەوتی بەردی لە ئەمریكا هۆكارێك بوو بۆ دابەزینی نرخی نەوت لە نیوەی دووەمی ساڵی 2014 دا، قسەكەش لێرەدا پەیوەستە بەزیادبونی بری خستنەروی نەوتی جیهانی لەبەرامبەر كەمبونەوەی بری خواستدا، ئەمەش ئەو هۆكارەبوو كە ئاسەواری لەسەر نرخی نەوت بەجێهێشت، بەجۆرێك كە بە بەردەوامی كاریگەری دەبێت لەسەر هاوكێشەی خواست و خستنەروی نەوت لەبازاری نەوتی جیهانیدا.

بەڵام هێشتا رون نییە كە ئایا دابەزینی نرخی نەوتی دەتوانێ سەربكەوێت بەسەر توانای بەرهەمهێنانی نەوتی بەردی ئەمریكی بەدیاریكراوی، بۆ ئەو برە نەوتەی كە لەبواری بازرگانی كردن لەبازاری نەوتدا بەكاردەبرێت، بە لەبەرچاوگرتنی تێچونی پرۆسەی بەدواداگەران و دڵۆپاندن، بە بەراورد بە دەرهێنانی نەوتی خاو بەرێگە كلاسیكیەكان، كە دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاریكاری كەنداوی عەرەبی بەكاری دەهێنن. بۆ چونێكیش پێی وایە كە پرۆسەی لێكهەڵوەشاندن و دڵۆپاندن و بەرهەمهێنانی نەوتی بەردی تێچونێكی زۆری پێویستە، بە تایبەت پاش پاڵاوتن و دەرهێنانی پێكهاتە پێویستیەكانی ئەم وزەیە.[10]

## كۆتایی

دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو خاوەنی برێکی زۆری پاشەکەوتکراوی وزە ئەڵتەرناتیڤەکانن، نەك بەتەنها نەوتی خاو گازی سروشتی، راستە کە هەر شەشە دەوڵەتە عەرەبیەکە لەروی خاوەنداریان بۆ سەرچاوەی وزەی خەڵوز ولآتانێکی هەژارن، بەلآم لەلایەکی دیکەوە خاوەنی بوارگەلێکی دیکەی گرنگن لەسەرچاوەکانی وزەدا، لە گرنگترینیان سەرچاوە نوێیەکانی وزەن، وەك نمونەی (وزەی خۆر). ئەمەش بەهۆی تایبەتمەندی تۆبۆگرافیا و سروشتی ئاوهەوای ئەم دەوڵەتانە، بەو پێیەی کە لە زۆرینەی مانگەکانی ساڵدا خۆر بەدەرەوە دەبێت. هاوکات سروشتی ئەم ولآتانە دەوڵەمەندە بە سەرچاوەی دیکەی وزە لە چەشنی (وزەی با). بێگومان ئەمەش پشت بەست بە بەرفراوانی ناوچە و سنوری جوگرافی ئەو ولآتانە، بەتایبەت بۆ ولآتێکی وەك سعودیە.

ئەوەشی کە پەیوەندیدارە بە وزەی ناوەکیەوە، لایەنە نیشتیمانیەکە خۆی دەسەپێنێت بە بە بەڵگەی هەنگاونانی ئیمارات بۆ بونیادنانی چەند وێستگەیەکی ناوەکی لەرێگەی ئیمزاکردنی چەند رێکەوتنامەیەك لەگەڵ کۆریای باشور، بۆ پرکردنەوەی پێداویستیەکانی لە بواری وزەدا، لەگەڵ سوربون بۆ بەکارهێنانی ئاشتیانەی ئەم سەرچاوە ژیارییە، لەرێگەی گونجاندن لەگەڵ ناوەندە نێودەوڵەتیە پەیوەندیدارەکان بۆ دابینکردنی کەشێکی ئارام بۆ ئەو دامەزراوانە.

لە ئەنجامدا پێشبینی دەکرێت کەرتی نەوت پارێزگاری بکات لەبەردەوامی خۆی لەجوڵەی بازار و کەرتی ئابوری جیهانیدا، ئەوەش لەرێگەی بەکارهێنانی پێکهاتە نەوتیەکان ( المتشتقات النفطية)ی وەك (وزەی ئۆتۆمبێل و دیزڵ و هتد ...)، چونکە گرانە لە ئێستادا بتوانرێت وزەی شوێنگرەوەی عەمەلی بۆ ئەو پێکهاتانە بدۆزرێتەوە، باشترین نمونەش بۆ ئەم راستیە سود بینینە لە سەرچاوەی وزەی ناوەکی، لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتانی کەنداو بە بەردی بناغە دادەنرێن پەیوەست بە کەرتی نەوتی جیهانیەوە، چ لەسەر ئاستی یەدەگی پاشەکەوتکراوی دۆزراوە، چ لەسەر ئاستی بری بەرهەمهێنراو، بە لەبەرچاوگرتن و پشتگوێ نەخستنی ئاستی گەشەپێدانی رێژەی گازو نەوتی بەردی لە هەریەك لە ولآتانی ئەمریکاو چیندا.

## مصادر البحث


1. International Renewable Energy Agency (IRENA), Renewable energy in the gulf: facts and figures,http://www.irena.org/DocumentDownloads/factsheet/Renewable%20Energy%20in%20the%20Gulf.pdf

2. لمياء القلاب، " الإمارات تستهدف إنتاج 24٪ من احتياجاتها من الكهرباء من مصادر نظيفة :"وزارة الطاقة، الإمارات العربية المتحدة، 27 يوليو/تموز 2014، الموقع الإلكتروني:

http://www.zawya.com/ar/story/ZAWYA20140727192313/

3. Sovereign Funds Institute, Fund Ranking, Nov 2014,http://www.swfinstitute.org/fund-rankings/

4. مركز الخليج للدراسات الاستراتيجية، "خيارات الطاقة المتجددة في دول مجلس التعاون الخليجي"، صحيفة أخبار الخليج (البحرينية)، 13 أغسطس/آب 2013، الموقع الإلكتروني:

http://www.akhbar-alkhaleej.com/12920/article_touch/40917.html

5. Zachary Shahan Gulf Cooperation Council's Renewable Energy Targets — Considerable Or Weak? 9 July, 2013,
http://greenenergyinvesting.net/gulf-cooperation-councils-renewable-energy-targets-considerable-or-weak

6. العربية، "التساهل بترشيد الطاقة يهدد موارد دول الخليج" حول دراسة معهد أكسفورد لدراسات الطاقة بعنوان "آفاق الطاقة المتجددة في دول مجلس التعاون الخليجي: الفرص والحاجة للإصلاح" 9 سبتمبر/أيلول 2014، الموقع الإلكتروني:

http://www.alarabiya.net/ar/aswaq/2014/09/09/%D8%....

7. "تمتلك 23٪ من الاحتياط العالمي دول مجلس التعاون الخليجي باستثناء قطر قد تضطر إلى استيراد الغاز لتلبي احتياجاتها،" صحيفة الحياة، 12 ديسمبر/كانون الأول 2010، الموقع الإلكتروني:

http://daharchives.alhayat.com/issue_archive/Hayat%20INT/2010/5/12/

8. د. مصطفى البزركان، "ثورة الغاز الصخري: هل تحقق استقلال أميركا من سيطرة الشرق الأوسط؟" مركز الجزيرة للدراسات، 20 يناير/كانون الثاني 2013، الموقع الإلكتروني:

http://studies.aljazeera.net/issues/2013/01/2013120113758690180.htm

9. Mark Scottjune, "Scouring the World for Shale-Based Energy, Shale Investments Could Reshape Global Market," The New York Times, 17 June 2014,
http://www.nytimes.com/2014/06/18/business/energy-environment/shale-inv....

10. "تقرير: النفط الصخري أكثر تأثرًا بهبوط الأسعار من التقليدي"، 2 نوفمبر/تشرين الثاني 2014، الموقع الإلكتروني:
http://www.aawsat.com/home/article/214001/


سەرچاوە: مرکز الجزیرە للدراسات